www.kurdistannet.org
9-2-2007 0:12 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# لە خەلاتەکانی قادسیەی سەددامەوە بۆ خەڵاتەکانی گەندەڵخوازان ... ئاسۆ بیارەیی

سوێد 2007-2-8

لە بەر ئەوەی سەددام دیکتاتۆر بوو، بڕوای بە دیموکراتی نەبوو، ئامادەبوو هەموو ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ مانەوە و ڕوو سپی کردنەوەی خۆی و ڕژێمە خوێنڕێژەکەی. بۆ نموونە ساڵانە بۆ جەژنی لە دایکبوونی خۆی سەدەها هونەرمەندی عەرەب و بێگانەی بۆ گەرمکردنی ئاهەنگەکانی بانگ دەکرد و لە کۆتاییشدا لە سامانی عێراق باشترین دیاری دەدا پێیان.

نوێنەرانی دوو زلهێزە گەندەڵەکەی کوردستان و پاشکۆکانیان، لە فەریکە پارتی چکۆلە، ئەوانیش بەهەمان شێوەی سەددام، ڕۆژ نیە ئەم هونەرمەند یا ئەوی تر، ئەو نووسەر یا ئەوی تر، ئەو سەرۆک خێڵ یا ئەوی تر، بۆ فەرمی ناساندنی دەسەڵاتی خۆیان و فریودانی ڕای ناوخۆ و دەرەوە، جۆرە شێوە لە خەڵات دابهێنن. هەر لە خەڵاتی نەمران و تا دەگاتە دابەشکردنی زەوی کوردستان، تا دەگاتە خەڵاتەکانی ئاراس و مامەیارە، تا دەگاتە سەرۆکی فەرماندە و بارزانی و باشترین دیاری هاوڕێیان و هاوبیران. بەوەش ناوەستن لە جێگەی ناسینی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجە، سەدەها ملێون لە سامانی کورد بۆ یادکردنەوە و دەرکردنی فلیمێکی لە سەر سەرووەری شەهیدان و پاشا ناوادارەکانی بنەماڵە،خەرج دەکەن. نەک ئەوە سەدەها وەکو تەحسین شاوەیس و وەفیق سامەرایی وەکو شەهیدانی میللەت بەرز دەنرخێنن کە دەستیان سوورە. بەڵێ کۆسۆڤا بەرەو سەربەخۆیی دەچێت و سەرانی گەندەڵیش بەو پەڕی شانازییەوە کوردی باشوور دەکەنەوە بە عەرەبی ڕەسەن و عێراقی.

کڕینی نووسەر، هونەرمەندان و دەنگ نایابان و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا و بە دەروێشکردنیان بۆ حاڵکردنی مانەوەی خۆیان، کردنەوەی پرۆژەی جۆراجۆر بۆیان، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە بڕوای بەمانەوەی خۆی نیە و هاکا حەماسێک دروست بوو بەرەکەی لە ژێر پێ ڕاکێشان. لێرەدا یا ئەوەتا گیرفانیان پڕبووە و گوێ نادەن یان ئەوەتا هێڕن و هوشیاریان کەمە و بێ ئاگان لە گۆڕانکاریەکانی ناو کوردستان و جیهانی گلوباڵ.

لەلایەکەی ترە، بەبەرچاویانەوە لاوانی کوردستان سەخترین ژیان دەبەنە سەر و تەنها ڕێگەی چارەیان هەندارنە کە ئەویشیان لێ گیراوە، چونکە ئەوان (پاتە لە پێ کانی دوێنی و گەندەڵەکانی ئەمڕۆ، فایلدارەکانی دوێنی و کورد زمانەکانی ئەمڕۆ و سەرۆک جاشەکانی بەعس و پەرلەمانتارەکانی دوو بەشی پەرلەمان) کوردستانیان لە بەردەم وڵاتانی ئەورووپادا کردووەتە بەهەشت و ئەو تەنها ئۆمێدەشیان لە گەلی کورد بڕیوە کە فریای خۆی بکەوێت. تەرخانکردنی هەزارەها دۆلار لە سامانی کوردستان بۆ بەچکە داگیرکەری وەکو وەفیق سامەرایی و سەعدون جابر و هەندێ کەسی سەماکەر، دەڕژێتە خانەی: خۆپەرستی ئەو پارتییانەی کوردستان، بە تایبەتی دوو هێزە کۆنەخواز و گەندەڵەکەی کوردستان و تاوانی بێدەنگی پارتییە چکۆلەکان کە لە بەر چاوەڕێی پاشخوانی ئەو دوو زلهێزە بێدەنگن بەرامبەر نارەوایی و دەسەڵاتی گەندەڵ.

گوێ نەدانی ئەو هێزانە بە گەلی ژێر دەستەی کورد لە باشوور و نزم سەیرکردنی، چونکە (تەحسین شاوەیش شەهیدی بە ئەمەکی ڕێگەی بارزانی نەمرە) ، بەتایبەتی لە ئاست بەرژەوەندی خۆیان و لە بەردەم داگیرکەراندا، (لێ کوردستانێکی سەربەخۆ خەوی شاعیرانە هەروەکو عەرەب تاڵەبانی دەفەرمۆی).

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا جیاوازی نێوان خەلاتەکانی قادسیەیی سەددام و خەڵاتەکانی مەزاری نەمران و قەڵاچوالان چیە، ئەگەر دۆگم و دیکاتۆریەتی ئەو هێزانە پیشان نەدات، ئەگەر سووک سەیرکردنی گەلی تیا نەبێت؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.